# لەرۆژاوا کوردان قەڵاچۆدەکرێن،

# "پارتی" و "پ‌ی کێ کێ"

# لەهەوڵی خۆسەپاندن بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندان!

**سیروان کاوسی**

14/8/2013

راپەڕینی گەلانی سووریا لەدووساڵونیوی رابردوو لەدژی سیستەمی دیکتاتۆریی رژێمی بەعس بەسەرۆکایەتیی بنەماڵەی "ئەسەد"، دەرفەتێکی زێڕین و مێژوویی بۆ کوردی رۆژاوای کوردستان خولقاند، کە دوای نێزیک بەسەدەیەک سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و پاکتاوکردنی رەگەزیی، بانگی ئازادی و رزگاریی لە رۆژاوای کوردستان هەڵبدا٠ لەگەڵ پەرەسەندنی نارەزایەتیی جەماوەری و شەڕوپێکدادانی چەکداریی لەدژی رژێمی ئەسەد لەسەرتاسەری سووریا، لقی پارتی کرێکارانی کوردستان بەناوی پارتی یەکێتی دیمۆکراتی (PYD) بەسەرۆکایەتیی "ساڵح موسلیم"، لەئەنجامی رێککەوتنێک لەگەڵ رژێمی سووریا توانی ببکێشە و خوێنڕشتن، زۆرینەی خاکی رۆژاوای کوردستان بخاتە ژێردەستییەوە، کە ئەمەش بێگومان بڕیارێکی نەتەوەیی و ژیرانەبوو، چۆنکە گەر PYD بهاتایە هاوکاریی ئۆپۆزسیۆنی سووریای بکردایە، ئەوا رۆژاوای کوردستان بەخێرایی دەبووە لانکەی دەزگەی "میت"ی تورکیا و رێکخراوی تێرۆریستی "قاعیدە" و لایەنەکانی سوننەی سەربە رژێمەکانی عەرەبی ناوچەکە و تورکیا، بەوەش پیلانی تورکیا و عەرەبی سوننە دژ بەکوردی رۆژاوا دەهاتەدی، کوردیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردەهێنا و، دوای رووخانی رژێمی ئەسەدیش هیچ مافێکیان پێرەوانەدەبینی!

سەرۆکایەتیی پ‌ی کێ کێ پێشچوونە نێو خاکی رۆژاوای کوردستانەوە، بەتەواوەتیی خۆی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسیی ئامادەکردبوو، چۆنکە بەخێرایی لەهەموو بوارەکانی پەروەردە و ئاسایش

دەرەوە و نێوخۆی سووریا بیدەنە قەڵەم. بەڵام PYD بێگوێدانە ئەم پیلانگێڕی و گەمەسیاسییەی ڕژێمی تورکیا و ئۆپۆزسیۆنی سووریا، بەردەوامبوو لەپتەوترکردنی بناخەکانی دەسەڵاتی جەماوەری و سەربازیی خۆی.

بۆ عەرەبی ناوچەکە بەگشتی و ڕژێمی تورک بەتایبەتیی، دەستبەسەرداگرتنی چاڵەنەوتەکانی "سەرێکانی" **لەلایەن** PYD وە بەزەنگێکی مەترسیدارتر لەو دەسەلانە کوردییە ئەژمارکرا کە لەباشووری کوردستاندا هەیە، چونکە وڵاتانی عەرەب بەگشتی، ڕۆژاوای کوردستان هەروەک باشووری کوردستان بەبەشێک لەنیشتمانی عەرەبی دەزانن و، سەرهەڵدانی هەر جۆرە دەسەلاتێکی کوردی لەرۆژاوا بەنیشانەی پێشێلکردنی یەکێتی خاکی سووریا و داگیرکردنی نیشتمانی عەرەب دەدەنەقەڵەم، ئەوجا  بۆ ڕژێمی تورکیاش کە بەدرێژایی زیاتر لە سیی ساڵ، سەرەرای هەموو پیلانگێڕی و پەلاماری سەربازیی بۆ لەنبوبردنی بزاڤی باکووری کوردستان، نەک هەر سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە، بەڵکو بەئازادبوونی ڕۆژاوای کوردستان لەژێر بەڕێوەبەرێتیی پ ک ک دا، هێندەی دیکە ئەم پارتە لەئاستی کوردستان و ناوچەکە بەهێزتر بووە، ئازادبوونی ڕۆژاوای کوردستان، کاریگەریی لەسەر باکووری کوردستانیش دادەنێت کە لەهەردوو بەشەکەدا خاوەنی سەرکردەیەتییەکی هاوبەشن.

**ئەم دۆخە چاوەڕواننەکراو و نەخوازراوە تورکیای ناچارکرد لەڕێگەی دەزگەی "میت" وە بەناوی گوایە چارەسەرکردنی پرسی کورد لەباکوور و هاندانی PYD بۆ شەڕ لەدژی ڕژێمی سووریا، لەگەڵ سەرکردەیەتیی پ ک ک لەهەردوو بەشی باکوور و ڕۆژاوا دەرگەی وتووێژ بکاتەوە! ئەوەبوو چەند کۆبوونەوەیەک لەنێوان "میت" و PYD ئەنجامدرا، پاشان سەرۆکی PYD (ساڵح موسلیم) ڕۆژی 26/7/2013 لەسەر بانگێشتی ڕژێمی تورک گەیشتە ئەستەموڵ. لەکۆبوونەوەکەدا، ڕژێمی تورکیا رایدەگەیەنێت، ئامادەیە چەند دەروازەیەک لەسنوور بکاتەوە بۆ گەیاندنی یارمەتی مرۆڤی و سەربازیی بە ڕۆژاوای کوردستان، بەمەرجێک PYD بکەوێتە** نێو ئۆپۆزسیۆنی سووریاوە و، لەدژی ڕژێمی ئەسەد شەڕ بکات! دیدار و دانیشتنەکان و، هاوکاتیش شەڕی HPG باڵی سەربازیی PYD لەرۆژاوا لەدژی چەکدارانی بەکرێگیرای سەر بە تورکیا و دەستەوتاقمی بەکرێگیراوی دیکەی عەرەب ئێستاشی لەگەڵ بێ، بەردەوامە، لەدواکۆبوونەوەی نێوان ساڵح موسلیم کە ڕۆژی 12/8/2013

سەرۆکایەتیی باکووری کوردستان زوو ئاشکرابوون، کاتێک لەگەرمەی کشانەوەی هێزی گریلا لەقوولایی باکوورەوە بۆ دەرەوەی سنوور، سوپای تورکیا دەستیکرد بەسازکردنی پێگە و مۆلگە بۆ هێزی جاش و بلاوەکردنیان لە شوێنەکانی گریلا. لەنێوخۆی کوردستان و لەئاستی تورکیاش هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرت بۆ خۆشکردنی زەوینەی ئاشتی و وتووێژ. ئەوجا لەرۆژاوای کوردستانیش هەموو هەوڵی خستەگەڕ بۆ پەروەردەکردن و پشتیوانیکردنی لۆجستیکی لە دەستەوتاقمی تێرۆریست و بکوژانی وەک "**جبهەی النوسره**" و "**ئەلقاعیده**" و "**سوپای ئازاد**" و بڕچەککردنیان و ناردنیان بۆ کوشتن و دەستدرێژیکردن و سەربڕینی ژنومنداڵ و پیرولاوی کورد لەرۆژاوای کوردستان. هاوکات لەگەڵ پیلانگێرییەکانی تورکیا، لەچەندین لاوە مەلا و پیاوانی ئایینیی عەرەب فتوای کوشتنی کوردانیان بلاوکردەوە و، سەرەتای مانگی ئەگوست (خەرمانان) شالاوێکی دیکەی کوردکوشتن لە گوندی "**تەل ئێران**" و، دەوروبەری لەرۆژاوای کوردستان ئەنجامدرا و، بەهۆیەوە سەدان ژنومنداڵ و پیرولاوی کورد رفێندران، سەربڕدران و لاشەی پارچەکراوایان بەکۆلان و مالان و دەشتی ناوچەکە بلاوکرایەوە.

فتوای جیهاد و هێرشی عەرەبی سوننە بۆ سەر کوردان لەرۆژاوای کوردستان و، فەرمانی کوشتنی پیاوان و حەلالکردنی ژنان و کچانی کورد لەلایەن مەلایانی تەنگەتیلکە و کۆنەپارێزی ناوچەکەوە لەدژی کورد، جارێکی دیکە شارستانێتی و کولتووری چەند گەلێکی داگیرکەری وەک عەرەب و ترک و فارسی خستەوەڕوو کە بەدرێژایی سەدان ساڵ بەم شێوازە دڕندانەیە، بەپشتبەستن بەئیدۆلۆژی و فتوای ئایینی، هەوڵی پاکتاوکردنی رەگەزیی کورد و داگیرکردنی نیشتمانەکەیان داوە و، دەیدەن!

**عەرەبی سوننە و شیعە و رژێمەکانی تورکیا و ئێران و زلهێزەکانی جیهان، لە سووریا و لەناوچەکە لەململانێدان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، ئەوی لەم نێوەدا لەبەرژەوەندی و ستراتیژی نەتەوەیی تێنەگەیشتووە و پێنەگەیشتووە سەرکردەیەتیی کوردە بەهەموو جۆر و نێو و پێکهاتەکانییەوە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەم بارودۆخە هەستیار و چارەنووسسازەی تێیکەوتووین، لەباتی ئەوەی هەموو کوردستان بەگشتی و رۆژاوای کوردستان بەتایبەتیی دڵنیا و دڵخۆش بکات کە پشتوپەنای هەموو کوردێکە و بەرامبەر چارەنووسی بەشەکانی کوردستان و نەتەوەکەی وەکیەک خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ، کەچی وەکو رابردوو بەبیری چەوت و سەرلێشێوینی حیزبایەتیی، بەبیانووی جۆراوجۆرەوە سنوور بەڕووی هاووڵاتیانی لێقەوماوی رۆژاوای کوردستان دادەخات، چۆنکە**

لەبوونی دەزگەیەکی وا گرنگ و پێویست سوود ببینێت، با هەر پارتێک، یان چەند پارتێک توانییان پێکەوە هەر یەکێک لەبەشەکانی کوردستان رزگاربکەن، حیزب و رێکخراوە و گەلی کورد لەبەشەکانی دیکە پشتگیری و هاوکاری ئەو بەشە رزگارکراوە بەئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان بزانن و بەکردەوە و لەهەر رێگەیەکەوە دەتوانن هەوڵی سەقامگیری و بەهێزکردنی بدەن، چونکە مانەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەبندەستی داگیرکەران، راگرتنی حکوومەتی هەرێم و پارێزگاریکردنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە باشوور دژواتر دەکات، بەپێچەوانەوە، ئازادبوونی هەربەشێکی دیکەی کوردستان، دەبێتە هۆی سەقامگیریی زیاتری حکوومەتی هەرێم و، هیوای گەلی کورد بۆ یەکگرتنەوەی خاک و نەتەوەی دابەشکراوی پەرەپێدەدات. بۆیە لێرەدا ئەرکی سەرەکیی حکوومەتی هەرێم پاراستنی یەکڕیزیی نێومالّی کورد و، رەچاوکردنی ئامانج و بەژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کوردە. بیروباوەڕ و کردەوە و هەڵوێستەکانی سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێم، پێویستە ببێتە وانە و نموونە بۆ حیزب و رێکخراوە و جەماوەری کورد لەسەرتاسەری کوردستان.

**لەپێوەندیی لەگەڵ پێ کێ کێ ولقەکانی لەبەشەکانی دیکەی کوردستان، مخابن ئەو زەوینەهزری و سنگفراوانییەیان تێدانییە کە لەگەڵ باقی حیزب و رێکخراوەی رامیاری و ناڕامیاریی کوردی و کوردستانیی لەبەرەیەکی هاوبەش کاربکەن. پێ کێ کێ حیساب بۆ هیچ لایەن و هێزێکی دیکەی کوردی ناکا و هەروەک پارتی دیمۆکراتی کوردستان بۆ ئەوە تێدەکۆشێ سەرۆکایەتیی خەباتی نەتەوەی کورد بەگشتی بخاتە ژێردەستی خۆیەوە.. گەر بێتوو ئەم دوو حیزبە لەبەر خاتری رزگاریی نەتەوەکەیان لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش رێککەون، ئەوا هێزی ئابووری و سەربازیی کورد لەزۆرێک لەرژێمەکانی ناوچەکە زیاتر دەبێت. لەباتی ئەوەی لەبارەی داخستن، یان دانەخستنی سنوورەکانی رۆژاوا یەکتری بەدرۆ بخەنەوە، با پێکەوە بەهاوبەشیی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان و حیزبەکانی دیکەی کوردستان و کەسایەتیی نەتەوەیی و پێکهاتەکانی دیکە، بناخەی کۆنگرەیەکی راستینەی نەتەوەیی دابڕێژن، لەئاستی نێودەوڵەتی خاوەنی دیپلۆماسی و گوتارێکی هاوبەش بن، بەمەش دەتوانن خەبات و قوربانیدانی بێئەژمار و لەمێژینەی گەلەکەیان بخەنە سەرشاڕێی ئازادی و سەربەخۆیی!**

بەڵام بەم حیزبپەرستی و سەرۆکپەرستی و دەسەلاتخوازییەی کە ساڵانیکی زۆرە بووە بەبەشێک لەکولتووری سیاسی و حیزبایەتیکردنی ئێمە، ئەم گۆڕانکارییە هزری و نەتەوەییانە روودەدەن؟ ئەوا دەبێ چاوەڕوان بین، بزانین ئەو رۆژە کەی دێ؟!